# تایبەتمەندیەكانی عەقدی زەواج

[ بە كوردی ]

# خصائص عقد الزواج

[ باللغة الكوردية ]


نوسینی : عەبدولڕەحمان ناسر ئەلسەعدی

المؤلف : عبدالرحمن بن ناصر السعدي

وەرگێڕانی: مامۆستا كەمال موحەمەد ئەبو بەكر
الترجمة: كمال محمد أبو بكر

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

المراجعة: بشتيوان صابر عزيز



نوسینگەی ( ڕەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و وشیاركردنەوەی ڕەوەندەكان لە شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة بمدينة الرياض

**2008 -1429**

islamhouse.com

# تایبەتمەندیەكانی عەقدی زەواج

پرسیار كرا لەشیخ عبد الرحمن بن ناصر السعدی - رحمه الله - دەربارەی تایبەتمەندیەكانی عەقدی نیكاح ئەویش بەم شێوەیەوەڵامی دایەوە :

نیكاح یەكێكە لەنیعمەتە هەرە گەورەكانی خوای گەورە بۆ ئادەمیزاد كەچەندەها بەرژەوەندی و شتی باشی لەنێو خۆی گرتوە كەلەژمار نایەن،وەلەبەر گرنگی گەورەیی ئەم عەقدە چەندین تایبەت مەندی تێدایە كە لەهیچ كام عەقدەكانی تردا نیە، وەشەریعەت چەندین مەرج و ئادابی بۆ چوونەناو نیكاح داناوە، هەر وەك چۆن چەندین سنوورو ڕێگای بۆ چوونەدەر لێی داناوە.

یەكەم:عەقدی زەواج (پەیوەندی هاوسەرگیری)- جیا لەعەقدەكانی تر - لەشەریعەتی خوادا فەرمانی پێ كراوەهەندێ جار وەك سوننەت وەهەندێك جار وەكو فەرز، ئەویش بەهۆی ئەوەی ئەو عەقدەكۆمەڵێك شتی باش و بەرژەوەندی بەخۆیەوەگرتوە، وەك پاراستن و زۆر كردنی وەچەی ئادەمیزاد وپاراستنی ڕەوشت وهاندانی خەڵكی بۆ كاركردن و بەرهەم هێنان و ئاوەدان كردنەوەی زەوی.

دوەم: بەهۆی گرنگی عەقدی زەواجەوە،وەبەمەبەستی باش دامەزراندن و پتەو كردنی، شەرع ڕێگەی داوەكەپیاوی داخوازی كەر ئافرەتی نامەحرەم - داخوازی كراو- مخطوبة- ببینێت لەكاتی داخوازیدا، كەئەمەش لەكاتی تردا ڕێگەی پێ نەدراوە مەگەر كاتی شاهیدی دان.

سێیەم: شەرع فەرمانی كردوەبەهەڵبژاردنی ئافرەتێك كەسیفەتە چاكەكانی تێدا كۆ بووبنەوەوەك دین ورەوشت و جوانی و نەسەب و... وەك خوای گەورەفەرموویەتی(فانكحوا ما طاب لكم من النساء) ، وەپێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: (تنكح المرأة لأربع لحسبها ومالها وجمالها ودينها فاظفر بذات الدين تربت يمينك) ، وەهانی مسوڵمانانی داوەبۆڕەچاو كردنی دین پێش هەموو شتێكی تر.

چوارەم:هەموو ئەو شتانەی لەئاڵو گۆڕ(معاوضات)ەجۆر بەجۆرەكان دا عەقدیان لەسەر دەبەسترێت لەشەرع دا ژمارەی بۆ دیاری نەكراوەو دروستەهەر چەندێك بێت تەنها عەقدی زەواج نەبێت كەدروست نیەبۆ پیاو لەیەك كات دا عەقد لەسەر زیاتر

لەچوار ئافرەت دامەزرێنێت، تەنانەت خوای گەورە فەرمانی کردوە کەلەکاتی ترسان لەڕەفتاری نادادگەری لەگەڵ ئافرەتان دا نابێت عەقد لەسەر زیاتر لەیەك ئافرەتیش ببەسترێت.

ئەمەش لەبەر گرنگی و بەرزی پایەی ئەو عەقدەیە، بۆ ئەوەی عەقد بەستن لەسەزیاتر لەچوار ئافرەت نەبێتەهۆی ستەم لەئافرەت کردن و بەزایەدانی مافەکانی .

پێنجەم: عەقدی زەواج بەبێ ئیجاب و قەبووڵی لەفزی دانامەزرێت ، وەئیجاب و قەبووڵ دوو ڕوکنی سەرەکین لەعەقدی زواج دا کەبەبێ یان عەقدی زەواج دانامەزرێت.

وەئیجابیش ئەو وتەیەکەلەوەلی ئەمری ئافرەتەوەدەردەچێت وەکو (زوجتك) یان(أنكحتك) واتا کردم بەهاوسەرو هاوسەرین و هاوجوتی تۆ ، کەتێیدا وەلی ئەمر ڕەزامەندی دەردەبڕێت بەمارەبڕینی ئەو ئافرەتەی لێی بەرپرسیارەبۆ ئەو پیاوەی مەبەستیەتی بیکات بەهاوسەری.

وەقەبووڵیش بریتیەلەو وتەیەی کەلەو پیاوەیان لەوەکیلی ئەو پیاوەدەردەیێت کەدەبێتەهاوسەی ئافرەتەکە، وەتێیدا ڕەزامەندی خۆی پیشان دەدات بۆ کردنی ئەو ئافرەتەبەهاوسەری خۆی وەکو (قبلت نكاح فلانة) واتا نیکاح و هاوسەرێتی ئەو ئافرەتەم قەبوڵ کرد.

ئەمەش تایبەتەبەعەقدی زەواجەوە، بەڵام هەر عەقدێکی تر بەهەر شتێك دادەمەزرێت کەدەلالەتی لەسەر بکات چ گوفتار (قول) بێت یان کردار(عمل)، وەکو (معاطاة) وێکدان لەکڕین و فرۆشتندا، یان وەك ومامەڵەو کڕین و فرۆشتن لەو ڕۆژگارەدا لەڕێگەی جۆر بەجۆر بەبێ ئەوەی سیغەی لەفزیی تێدا بێت.

شەشەم: لەعەقدی زەواج دا مەرجەهەردولا واتا ژن و مێرد بەتەواوی دیاری بکرێن، بۆ نموونە: وەلی ئەمری ئافرەتەکە بڵێت: ئەوەکچی خۆم کردە هاوسەری فڵان کەس، وەناوی کچەکەبێنێت، یان بەشێوەیەك وەسفی بکات کەبەتەواوی دیاری بکات وەك : کچەگەورەکەی خۆم ، یان کچەبچوکەکەی خۆم، یان ئەو کچەم کەمامۆستایەیان دکتۆرەیە.

واتا نابێت وەلی ئەمری ئافرەت بڵێت ئەوا یەکێك لەکچەکانم یان یەکێك لەخوشکەکانم کردەهاوسەری فڵان کەس...

وەپێویستەمێردەکەش بەتەواوی دیاری کراو بێت، بۆ نموونە ئەگەر بۆخۆی حازر بوو لەکاتی عەقدەکەبڵێت نیکاحی فڵانە ئافرەتەم - ناوی بهێنێت- قبوڵ کرد بۆخۆم، وەئەگەر وەکیل بوو بڵێت نیکاحی فڵانە ئافرەتەم قەبووڵ کرد بۆ فڵان کەس کەکردوویەتی بەوەکیل - ناوی بهێنێت-.

واتا لەكاتی خواز بێنی دا نابێت داخوازی كەر بەباوكی كچەكە یان بەبرای كچەكەبڵێت ئەوەكچەكەتم یان خوشكەكەتم داوا كرد بۆ یەكێك لەكورەكانم یان بۆ یەكێك لەبراكانم .....

ئەمەش تایبەتە بەعەقدی زەواجەوە بەپێچەوانەی عەقدەكانی تر كە دەگونجێت بەهۆی وەسفەوە دیاری بكرێت.

حەوتەم: وە بەپێی قەولی ڕاجیحی زانایان ئامادەبوونی دو شاهید بەمەرج گیراون بۆ گرێ دانی عەقدی زەواج، وەهەندێك لەزانایان فەرموویانە ئیعلان كردنی زەواج جێگای ئەدو شاهیدە دەگرێتەوە.

ئەوەش بەپێچەوانەی عەقدەكانی تر كەشاهید لەسەر گرتنیان تێدا واجیب نیەبەڵكو سوننەتە.

هەشتەم: یەكێك لەڕوكنەكانی عەقدی زەواج بوونی وەلی ئەمرەوەبەبێ ئەو عەقدەكەدانامەزرێت، ئەویش باوكیەتی ئەگەر باوكیشی نەبوو نزیكترین خزمی پشتە(عصبة)ی ئەگەر عەسەبەشی نەبووئەوا حاكم دەبێت بەوەلی ئەمری، وهەرچەند ئافرەت ژیرو ئاقڵ بێت ناتوانێت بەبێ وەلی ئەمر خۆی مارەببڕێت ، یان ئافرەتێكی تر لە كەسێك مارەببڕێت.

ئەو بەمەرج گرتنەی وەلی ئەمریش تایبەتەبەعەقدی زواجەوەو لەعەقدەكانی تردا بەمەرج نەگیراوە، مەگەر بۆ ئەو كەسەی كەبچوك یان ناتەواو بێت و نەتوانێ بۆخۆی كارەكانی ببات بەڕێوە.

ئەوەش لەبەر گرنگی وگەورەیی نیكاحە، وەلەبەر ئەوەی ئافرەتسۆز بەسەریدا زاڵەو نزیكەزوو فێڵی لێ بكرێت و هەڵخەڵەتێندرێت، بۆیەخزمان بۆیان هەیەڕێگریی لەئافرت بكەن لەشووكردنی بەكەسێك كەهاوكوفی ئافرەتەكە نەبێت هەرچەند پێشی ڕازی بێت، بەپێچەوانەی عەقدەكانی تر وەك كڕین و فرۆشتن كەتێیدا هەر كاتێ كڕیار ڕازی بووبەكڕینی شتێك عەقدەكەدادەمەزرێت با شتەكەش عەیبدار بێت یان زەرەرێكی گەورەشی لێ بكات بەمەرجێك كڕیارەكەباڵق و عاقڵ بێت.

نۆیەم: پێویستەوەلی ئەمری ئافرەت - جگەلەباوك- ئیزن وەربگرێت لەئافرەت كەتەمەنی گەیشتبێتە نۆ ساڵان ، بەڵام لە باقی عەقدەكانی تردا وەلی ئەمری بچوك - مادام باڵق نەبوبێت- ئیزنی لێ وەرناگرێت لەكڕین و فرۆشتندا بەڵكو بەتەنیا كارەكانی جێ بەجێ دەكات .

دەیەم: لەغەیری عەقدی زەواجدا دەگونجێ بەئاڵ و گۆڕ بێپت یان بەبەخشینی بێ بەرامبەر بێت، بەڵام پێویستەنیكاح لەمارەیی خاڵی نەبێت كەم بێت یان زۆر، جا ئەگەر ڕێكی دیاری كراو بوو ئەوا ئەو ڕەواجیب دەبێت، جا بەئەندازەی مارەیی هاوشێوە مهر المثل- بێت یان زیاتر بێت یان كەمتر، وەئەگەر دیری نەكرابوو ئەوا بەئەندازەی مارەیی هاوشێوە مهر المثل- واتا بەئەندازەیی مارەیی ئافرەتی هاوشێوەی

خۆی لەخزم و عەشیرەتی لەجوانی و دینداریی و عەقڵ و سیفەتانی تر واجیبب دەبێت، وەپێویستە وەلی ئەمری ئافرەتەکەغەیری بەرژەوەندی ئافرەتەکە هیچی تر ڕەچاو نەکات، هەر بۆیەش لەشەرع دا نیکاحی شیغار قەدەغەکراوەئەویش ئەوەیەکەهەر یەك لەوەلی ئەمری دو ئافرەت ئافرەتەکەی کەلێی بەرپرسیارەمارەببڕێت لەوی تریان بەمەرجێ مارەیی تێدا نەبێت و هەر یەڕیەکێك لەو دو ئافرەتەببێت بەمارەیی ئافرەتەکەی تریان، یان شتێکی ڕەمزیی زۆر کەم بێت کەپێچەوانەی بەرژەوەندی ئافرەتەکەیەو دروست نیە.

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين